






پاتریك هاینی

وەرگێڕانی: ئەیوب حەسەن


# مەسرەفگەرایی خۆداپۆشینی ئیسلامی

ستایلی پۆشاکی ئیسلامی، توشی هەمان ئەو گۆڕانکارییانە دەبێتەوە کە بە گوێرەی ڕیتم و ئاستە جیاوازەکان ڕوودەدەن، حیجاب بە شێوەیەکی دیاریکراو پەیوەستە بە سەرەتاکانی ئەزموونی ئیسلامی سیاسییەوە، پاشان گواستراوەتەوە بۆ کایە و دونیای مەسرەفگەرایی. بە هۆی ئەو بەها و پێوەرە تایبەتیانەوە کە هەیەتی هەر زوو بووە شتێکی گرنگ. بەم شێوەیە دەچێتە ناو ململانێوە لەگەڵ ئەو بنچینانەی ئایینی ئیسلامدا کە بنەماکانی فاشیۆن و مۆدێل ڕەتدەکاتەوە و مامەڵە لەگەڵ حیجابدا دەکات وەک ستایلێکی سەپێنراو، پاشان [لە پۆشاکی نائیسلامیدا] گوزارشت لە حاڵەتی نامۆبوونی ڕۆشنبیری و دەستبڵاوی و سەرچاوەی فیتنە دەکات. جیاوازییەکە لەنێوان دوو (مانای) حیجابدایە؛ یەکێکیان لە ئەزموونی ئیسلامی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەوی تریشیان لە بەکاربردنەوە.

ئەمە بە ئاشکرا لە تورکیادا تێبینی دەکرێت، پۆشاکی ئیسلامی بوو بە هۆی پێکەوەگرێدانی دوو واقیع؛ لە لایەک بەستنەوەی تورکیا بە ئابووریی بازاڕەوە، کە کاریگەریی هەیە لەسەر تاکەکان و ئەو ڕێگایانەشی کە تاکەکان بەکاریدەهێنن بۆ ناسینی شوناسی خۆیان لە مامەڵەی ڕۆژانەدا، لە لایەکی دیکەوە دەرکەوتنی بۆرژوازیی ئیسلامی بوو بە هۆی دروستکردنی هەڵایەکی نوێی ڕاگەیاندن لە تورکیای عەلمانیدا، ئەمەش بووە مایەی دروستکردنی گۆڕانکاری لە هەڵبژاردنی تایبەتیی تاکەکاندا. لەم پۆلبەندییەدا کە هاوکاتە لەگەڵ جیهانگیری و پرۆسەی دووبارە بەئیسلامکردنەوەدا، حیجاب دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەند هەوڵێکی نوێ بۆ پێکهێنانەوەیەک لەنێوان مەسەلەی دڵنیابوونەوە لە شووناس و دینامیکیەتەکانی ئارەزووکردن لە کرانەوەی کولتوورییدا.

ئەوەی یەکەمی حیجاب لە ڕێگەی ئەو پەیوەندیەی بەهێزانەوە دەرکەوت کە ئەزموونی ئیسلامی سیاسی وەک قۆناغی یەکەم سەیریان دەکات. حیجاب نەیتوانی وەڵامی خواستی بازاڕ بداتەوە؛ پاشان پەچەیەکی توند و ئەو کاڵایانەی کە ڕوخسار دادەپۆشێت باڵادەستبوو بە سەر گرفتەکانی پۆشاکی ئیسلامییدا. گرفتەکە پەیوەستبوو بە حاڵەتی پەیرەوکردنی پۆشاکەوە، بەڵام هەموو ژنان پەیڕەوی لەبەرکردنی ئەم جۆرە لە پۆشاک ناکەن.

بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دوای یەکەم نمایشی پۆشاکە ئیسلامییەکان قۆناغێکی تر دێت کە زیاتر پیشەگەرییە و پشت دەبەستێت بە بنەماکانی بازارگەری، لەم کاتەدا گرنگیدان بە خود-ڕیفۆرمکردن کەم دەبێتەوە لە بەرامبەر پڕکردنەوەی ئارەزووەکانیاندا. ئەم مۆدێلە لە فەزایەکی ڕەمزیدا دەرکەوت و بەئاشکرا وەڵامی خواستەکانی بازاڕی نوێی ڕۆژئاوای دایەوە؛ پاشان مارکە (لۆگۆ) بازرگانیەکان بە ئاراستەی بەکارهێنانی ناوێکی فەرەنسی یان ئینگلیزی بۆ پێشانگاکانیان بەرەوپێش دەچن.

ئەم مۆدێلانە کەوتنە بەر ڕەخنەی ڕۆشنبیرە ئیسلامییەکان. یەکێک لە چالاکوانە نزیکەکانی ئیخوان موسلین باوەڕی وەهایە کە ئەم گۆڕانکارییانە دەبێتە هۆی «دووبارە شوێنکردنەوەی ژنان لەو پێگە سیاسییانەی کە قەدەغەکرابوون لە ژنان» لە هەمان کاتدا بارودۆخی هۆشیارکردنەوەی ژنان بەردەوام فراوان دەبێت لە ڕۆژنامە ئیسلامییەکاندا، ئەمە وەها

دیاره کە «سیستەمی سەرمایەداری هێندە بەهێزە دەتوانێت ببێتە مۆدێلی دامەزراوە سیاسییەکان و مۆڕاڵ و جوانییەکانی ئیسلام لە جیهانی بەکاربردندا»، بەڵام لە ڕاستیدا سەرمایەداری هەڕەشەیە لەسەر (شێوازی ژیانی ئیسلام).

ڕۆژنامەیەکی ناپرۆفیشناڵ تێبینی ئەوە دەکات، ئەزموونی میسر بە تەواوی لەگەڵ ئەم دوو بۆچوونەدایە. چیتر شتێکی ئاسان نییە بوترێت حیجابێک دیارە لەسەر ڕۆخی ڕوباری نیل، وەک گرنگترین نیشانەی دیاردەی ئیسلامگەرایی، لەوانەیە ڕەنگدانەوەی هەبێت، بەشێوەیەکی زەروری یان تایبەتی، ئارەزوکردنە لە (دانانی سنوورێکی دیاریکراو بۆ باڵادەستیی ئەو مۆدێلە ئایدیالییەی ڕۆژئاوا). بە تەواوی ناتوانرێت ئەمە وەک شێوەیەک لە شێوەکانی دڵسۆزیی سیاسی ببینرێت لای ئەوانەی کە ئەم جۆرە پۆشاکە دەپۆشن.

لە واقعدا دەرخستن و زەقکردنەوەی دیاردەی بە ڕۆشنبیرکردن کورتدەکرێتەوە لە بەستنی ملپێچێکدا، کە بەتەواوی پێچەوانەی بنەماکانی پۆشاکی ئیسلامییە، وەک ئەو حاڵەتەی کە هەیە لە ڕیتمی ئەو گۆرانیبێژانەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن، لە زۆرینەی جارەکاندا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو کۆدانەوەیە کە خاوەنی شووناسن. لەوانەیە مرۆڤ سەری گێژبخوات کاتێک لەژێر گلۆپەکانی پێشانگای (فلاشی) بێت، ئەم پێشانگایە گەورەترین و مۆدێرنەترین فرۆشیاری حیجابی ئامادەکراوە لە قاهیرە، ئەو پێشانگایە هەوڵدەدات کە ژمارەیەکی هەمەجۆر مۆدێلی پۆشاکیان هەبێت؛ حیجابی گرانبەها لەسەر مۆدێلی (ڤیایی فرانس-Vieille France) (یان فەرەنسی گرانبەها) لەسەر یەکێک لە ڕەفەکان دانرابێت، لەسەر ڕەفەیەکی تر پۆشاکێکی تر دانرابێت کە کڵاوێکی ئافرەتانەی لەگەڵدایە (جافروش-gavroche beret)، پاشان لە جێگایەکی ترد کڵاوێک دانرابێت کە ڕازێنراوەتەوە بە موروو، یان ڕازێنراوەتەوە بە مورووی ڕەنگاوڕەنگ. جا ئیتر گەر ئەم حیجابانە لە توکیاوە هاوردە کرابن، یاخود ملپێچێک بێت کە بە شێوەی پاکستانی یان ئێرانی دیزاینکرابێت، یان یاساکانی ڕەنگی وەرزەکان لەلایەن دیزاینەرە فاشیۆنەکانی پاریس و تۆرینتۆ کێشرابێت گرفت نییە.

ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان، ئەوانەی کە هێڵەکانی شۆڕش و سیمبولی مێژووی خۆیان لەبەرچاوناگرن، بە خێرایی و بە زیرەکییەکی زۆرەوە هەوڵدەدەن لە یەک کاتدا ئامانجە دەبڵ مۆڕاڵی و شوناسەکەی بەدەستبێنن، کە دوورن لە ئیسلامەوە. «پۆشاکی ئیسلامی هاوردەکراوی لەندەن!»؛ ڕۆژانە ڕۆژنامەی دەنگی عەرەب ژمارەیەکیان لێ بڵاودەکاتەوە لەگەڵ دەرچوونی هەر ڕۆژنامەیەکدا، لە بەرواری 26ی ئەپریلی ساڵی 1987؛ «حیجاب و گومڕایی لە میسر!» لە روز یوسف-ی بڵاوکردەوە؛ «نوێترین پانتۆڵ و تیشێرتی فاشیۆنی ژنانە» بڵاودەکاتەوە، لە کۆتای هەفتەشدا پرسی «ئایا ژنی داپۆشراو زیاتر بە ئەخلاقە وەک ژنی نا پۆشتە؟!».

لە ڕاستیدا ئەم پرسیارە پاساوی هەیە؛ مۆدێلە نمایشکراوەکانی حیجاب لە پێشانگای «مانگی بچوک»دا بە شێوەیەک نمایشکراوە دیمەنەکەی هاوشێوەی دانسی ڕۆژهەڵاتییە، و پێشانگاکانی حیجاب

فرۆشتنی لە (Wonderland mall)دا؛ سەنتەری بازرگانی چینە ناوەڕاستە لە قاهیرەدا. بە هەمان شێوەش لە تورکیا، ئەم جۆرە لە حیجاب بوو بە هۆی شڵەژانی ناوەندە ئیسلامییەکان و تووڕەبوونیان، بە شێوەیەکی خێرا. «باڵاپۆشە لیبراڵیەکان خەون بە ئەمریکاوە دەبینن و دەیانەوێت حیجابێکی حەریری لەبەرکەن و بە ئینگلیزی لەگەڵ منداڵەکانیاندا قسەبکەن»، وەک ئەوەی کە یەکێک لە چالاکوانە ئیسلامییەکان باسی لێوەدەکات و دەڵێت: «بە یەکێک لەو ژنانەی کە حیجابێکی لەم شێوەی لەبەرکردووە بڵێ: ئەوە بێشەرمیی و خراپەیە و پاشان دەستەکانی ڕادەوەشێنێت و پرسیارت لێدەکات بە ئاسانی: بۆچی؟ بۆم ڕوونکەرەوە... بۆم بسەلمێنە! پێش دە ساڵ هێندە بەس بوو کە پێیان بڵێیت ئەمە لە دەقی قورئاندا بوونی هەیە، بەڵام ئێستا حیجابێکی لەبەردایە و لە ئاهەنگەکاندا سەما دەکات و هیچ گرفتێکیش نابینێت».

لە واقعدا، ئەو ناوانەی کە دەرکەوتون لای فرۆشیارەکانی حیجاب هەندێک وشەن وەک (ماڵی باڵاپۆش-Mohajaba Home) یان (فلاش-Flash) ئەمانە ناوی ئینگلیزیین، یان (خۆشەویستی-Amour) فەڕەنسییە، ئەمانە هەرگیز بە خەیاڵی فرۆشیارەکانی پێشودا نەهاتوون، سەربارى ئەوەی کە ئەو خاوەن پێشانگایانە پشتی پێدەبەستن و هەر لە سەرەتاوە بوونیان هەبووە لایان، ئەمانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پێودانگە جیهانییەکانەوە کە تەحەکوم دەکەن بە دیزاینەری فاشیۆنی ژنانەوە، جا ئەگەر باڵاپۆش بێت یاخود نا. وە لە ئەنقەرە وە بۆ قاهیرە.

پۆشاکی ژنان بە شێوەیەکی جوگرافی ئاراستەکەی گۆڕیوە، بە چەشنێکە وەها دەردەکەوێت کە ئیسلام لە ڕۆژئاوادا لەو مۆدێل و فاشیۆنانە دوانەکەوتووە. (کەریمە ساولی) کە یەکێکە لە دیزاینەرە بەناوبانگەکان ناوی لەم جۆرە پۆشاکە ناوە (پۆشاکی ئیسلامی لە خۆرئاوا)، مۆدێلەکانی ئەو پۆشاکانەی کە دیزاینی کردون ئێستا لە شاری پاریسن (ئەمە گرنگە لە ڕوی ڕەمزییەوە) چونکە پاریس، سەنتەری فاشیۆنە جیهانییەکانە). لە پێشانگایەکی وەک (فلاش)دا، گوێت لە دەنگی پارچە مۆزیکێکی (مایکل بۆلتون-Michael Bolton) دەبێت لە بری ئەوەی گوێت لە قورئانی

**جۆری حیجابی داهاتوو پەیوەستە بە کێبڕکێ و گەرەنتیەوە. نەوەی دووەمی حیجاب لە جۆری حیجابی (پۆست ئیسلامییە)، کە خاڵییە لە سیاسەت و کرانەوەی کاریگەری ڕۆشنبیری بیانی و پەیوەستە بە سەنتراڵیزمی بنەماکانی پۆشاکی ئیسلامییەوە**

پیرۆز بێت؛ ڕەنگە وەها دیار بێت هەندێک جار زیاتر گونجاوە لەگەڵ ئەو جلوبەرگە تەسکانەی کە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا دەیپۆشن، بەڵام ئەو جۆرە پۆشاکە زۆرینەی جار ناگونجێت لەگەڵ ئەخلاقیاتی ئەو پۆشاکانەی کە بە ناوی (فلاش) ئاماژەیان بۆ ناکرێت! هۆکارەکەی لە ڕوخساریدا دیارە؛ پێشانگاکە دەکەوێتە ناوەڕاستی شەقامی جامیعەی عەرەبییەوە، ئەو شەقامە شەقامێکی گەورەیە کە پڕە لە پێشانگای گەورە و ریستۆرانتی خواردنی خێرای (Fast Food) ئەمریکی، دیکۆری دوکانەکان ڕازێنراوەتەوە بە ڕەنگی جیاواز و بە تەواوی خاڵیین لە هەموو ئاماژە ئاینییەکان، پاشان مۆدێلی جلوبەرگەکان هەمووی ڕۆژئاواییە وەک چاکەت و پانتۆڵ و بلوز و کراس، سەرباری ئەوەی کە فرۆشیارەکان باڵاپۆشن، ئەمە شتێکی نوێیە. ئەمانە هەموویان بە توندی بەر ڕیشەکانی جیهانی جلوبەرگ دەکەون کە دەکەوێتە دەرەوەی بەرنامەی شوناسی ئیسلامی سیاسیەوە.

بە دیاریکراوی لەناو ئەم جیهانەدا بەرهەمی جلوبەرگی پۆشتە هەوڵدەدات هەڵایەکی لۆکاڵی تایبەت دروستبکات. پاشان حیجاب ناتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی ئەو لێشاوی شووناسەی کە جیهانگیری دروستیدەکات، بەڵام بازاڕی داگیرکردووە، بە هۆی لۆژیکی بازرگانییەوە، دەچێتە ناو بەرهەمە ناوخۆییەکانیشەوە بە گوێرەی هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتییەکان، لە جیهاندا سنوورەکان دەبڕێت بە هۆی ئەوەی کە کڕیاریان هەیە، بەهای سەنتراڵیزمەکەیان بریتییە لە سیحر و جوانی.

وەک بارودۆخی گۆڕانییە ئیسلامییەکان؛ سروودە جیهادییە کۆنەکان، هیچ بەرەنگارییەک ناتوانێت بەرامبەریان بێتەوە لەگەڵ مۆدێلە گشتییەکانی ساڵدا، بەڵام بە هێواشی لەناو دووبارە داڕشتنەوەی فەزا تایبەتییەکەیدایە لە ڕێگەی (داتاشراوە ئیسلامییەکەیەوە). لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ڕووخاندنی ئومێدی ئەوانەی کە پشتیوانی جیهانگیریی لۆکاڵی دەکەن، ئەوانەی کە توانای گەلەکانیان هەڵگرتووە لە داهێناندا؛ ئەوا کۆپیکردنەوەی بەرهەمەکانیان نابێتە (دروستکردن)، بە دڵنیاییەوە مۆدێلەکان بۆیە باڵادەستن، چونکە هێزێک نییە کە بتوانێت بیانگۆڕێت یان تێکیان بشکێنێت. لەواقعدا، ئیسلامێکی بورژوازی دروستدەبێت کە شێوەکانی کولتووری بەکاربردن لەخۆدەگرێت، دەبێتە هۆی دەستبەرداربوون لە جیاوازییە ڕیشەییەکان ئەمەش لە بەرژەوەندیی پرۆسەکانی دووبارە داڕشتنەوەیەکی ڕوون.

کۆمپانیای بەرهەمهێنانی پۆشاکی ئیسلامی (ستار- STAR) بەم شێوەیە وەسفی ئەو کاڵایانە دەکات کە بەرهەمیاندەهێنێت «جیهان سنووری بۆ دانانرێت، کاتێک خەونەکان بەدیدێت کە حیجاب دەپۆشیت). لە هەمان ئاڕاستەدا، قاوەخانە ئیسلامییەکان لە ئەستەنبوڵ شوناسی ئیسلامی تێدا بزر نییە و پشتیان بە شیعارە ئاینییەکان بەستووە، بە شێوەیەکی وەها کە «چاکەی نێودەوڵەتی» بەرجەستە دەکات ئەویش بنیاتنراوە لەسەر بەهای بورژوازییەت وەک ئارەزوویەک بۆ سروشت و هێمنی. گەر بیپسی کۆلا جێگای (مەی)ی گرتبێتەوە، ئەوا قاوەی تورکی لە حاڵەتی نائامادەییدایە دوای ئەوەی کە ئەو خۆشەویستییە

جیهانییەی کەهەیە بۆ (نیسکافە)، بەڵام ئەوانەی کە ئێستا باڵادەستن جۆرەکانی گۆشت و کرێمی کرامیلە. فاشیۆنە ئیسلامییەکان تورکیا دادەبڕێت لە نێوان خاڵی بەیەکگەیشتنی بوژاندنەوەی ئیسلامی و بۆرژوازی کە لە سەر بنەمانی (لە بانگخوازی بورژوازیی ئیسلامییەوە بۆ چوونە ناو ئەزموونی بەکاربردن لە چوارچێوەی بنەما ئیسلامییەکاندا) دەستپێدەکات. ئەوەی کە ڕوودەدات پێشکەوتنێکە کە بە کرداری لە پۆلبەندی پاشکەوتەیی ڕۆژئاوادایە. ئەو بەهایانە هەرگیز بە دارِشتنەوەی داهێنانەکان بەدەستنایەنەوە؛ هەروەک ئەوەی کە ڕۆشنبیرێکی تورکی ئیسلامی پێیدەڵێت: «بەکاربردن»ی حیجاب؛ دەرئەنجامەکانی پرۆسەی بەئیسلامکردنە بە شێوەیەک کە دەتوانرێت بە «خەونی ئەمریکا بۆ بۆرژوازییەتی ئیسلامی» ناوی بربرێت.

جۆری حیجابی داهاتوو پەیوەستە بە کێبڕکێ و گەرەنتییەوە، نەوەی دووەمی حیجاب لە جۆری حیجابی (پۆست ئیسلامییە)، کە خاڵییە لە سیاسەت و کرانەوەی کاریگەری ڕۆشنبیری بیانی و پەیوەستە بە سەنترالیزمی بنەماکانی پۆشاکی ئیسلامییەوە، لە سنووری خۆیدا کەمدەبێتەوە، بەڵام کۆتا پارچەی نوێ دەبێتەوە لەگەڵ دەرکەوتنی نەوەی سێیەمی ڕێکخستنی ئەو پۆشاکانەی کە بوونی هەیە لە (ستریت وێر)ی ئیسلامی.

دەرکەوتنی (ستریت وێر-Streetwwar)، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئەزموونی ئیسلام لە خۆرئاوادا، کە لە پێش دوو یان سێ ساڵەوە دەستپێکردوە لە فەرەنساوە لەگەڵ هەندێک نیشانەی بازرگانیی وەک (دەعوە ویر) و (مسوڵمان بە سروشت و مسوڵمانی تەقلیدییدا). ستریت وێر نوێکارییە بە نیسبەت دیزاینەرە ئیسلامییەکانی نەوەی پێشوەوە. لە کاتێکدا ئەم نوێکارییە گوزارشت لە سەوداگەرییەک دەکات لەنێوان فەزای سیمبولی ڕۆژئاوا و پێودانگە ئیسلامییەکاندا، لە لایەکی ترەوە ستریت وێر، بە تەواوی ئازادە لە بابەتی پێودانگە ئایینییەکاندا. ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە ناکۆکە لەگەڵیدا، بەڵکو جێگای گرنگیپێدان نییە. لێرەدا شووناسی ئیسلامی کورتدەکرێتەوە بەسەر دورستکردنی دەلیلێکی سیمبولی ئاسا کە پشت دەبەستێت بە مارکە و ئەو سیمبولانەدا کە پەیوەستن پێوەی، وەک درووشمێکی بازرگانی کە گوزارشت لە نوێژکردن دەکات، یان ئەو ژمارەیەی کە ئاماژە بە مێژوویەکی دیاریکراو دەکات لە ئیسلامدا، یان -بەو پەڕی ساناییەوە- بە ناو گواستنەوەیەتی بۆ لای مەرجەعێکی ئیسلامی. ئەم دەلیلە دەکەوێتە ناو ڕۆشنبیرییەکی لاوەکیی گەنجانە و بەجیهانیکراو وەک (ستریت وێر). دواتر دڵنیا دەبێتەوە لە ئیسلام، زیاتر لە هەر کاتێکی ڕابردوو، کەمتر پەیوەستە بە چەمکی ئەڵتەرناتیڤەوە، بەڵکو هەوڵدەدات بانگەشە بۆ ڕۆشنبیریی ستریت وێر بکات وەک (شوناسێکی ئیمزاکراو) کە گەیشتۆتە ئیسلام لە چوارچێوەی ئەو هەمە چەشنییەی کە نابێتە هۆی جیاوازیکردن لە نێوانیاندا.

**سەرچاوە:**

باتریک هاینی: إسلام السوق، ترجمة: عومرية سلطاني. مدارات للأبحاث والنشر، 2015.



فوئاد سدیق

# مرۆڤ و خودا

## ململانێیەك بەرەو كۆتایی